# ئاڵای کۆماری کوردستان و
# چەند راستییەك ..

**چاوساغێك** _ سلێمانی

ساڵی پارو بە سەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیریی _ ئیدارەی هەولێر _ ، لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر ، رێ و رەسمی ساڵیادی شەهید بوونی سەرۆك کۆماری کوردستان ، پێشەوا قازی موحەممەد بەرێوەچوو . لە رۆژانی سمینارەکەدا ، پتر باس لەوە کرا ، کە لە رۆژانی ئاخروو ئۆخری جوانە مەرگ بونی کۆماردا ، پێشەوا ئالای کۆمارەکەی ( ئالای ئازادی ) ، وەك سمبولی درێژەدان بە خەبات و بەرز راگرتنی ئەو ئالأیە ، پێش کەش بە جەنابی مستەفا بارزانی کردووە و بارزانی خۆیشی وەك رۆڵەیەکی تێکۆشە رو خەباتگێر، چۆن لەو ساتە دژوارو ئەستەمانەدا جێگەی بڕواو متمانە ی پێشەوا بووە .

هەر لە رێوو رەسمەدا ، بەرێز نێچیرەوان بارزانی ، وەك ( مفاجئە ) ی میهرەجانەکە ،هاتە سەر شانۆو ئالأیەکی لە میناو لەچوارچێوە گیراوی ، لە قەبارەیەکی مام ناوەندی نیشانی ئامادە بووانـدا ، کە گوایە ئەم ئالأیە ، هەمان ئەو ئالأیەیە ، کە پێشەوا بەدەستە پیرۆزەکەی خۆی ، بە جەنابی بارزانی مستەفای داوە . هەر لە ویشدا بەرێز نیچیروان بارزانی ، رایگەیاند ، کە بنەماڵەی بارزانی ، تا هەنووکە ئالأکەیان لە فەوتان رزگار کردووە و بە نیازیشن بیخەنە مۆزەخانەوە .

ئێمە نامانەوێ قسە لەسەر راستی و دروستی رووداوی ، دەورو تەسلیم کردنی ئلاگە بکەین ، بەلأم گەرەکمانە بلێین : ئاخۆ ئالأی کۆماری کوردستان ، هەمان ئەو ئالأیەیە ، کە بەرێز نیچیرەوان بارزانی لە میهرەجانـەدا خستیە روو ، یانە خۆ جیاوازە ؟!. ئەو ئالأیەی ئەو رۆژە خرایە روو ، ئەو ئالأیە بوو کە ئێستا لە سەر دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، هەڵدراوە ، کە بریتییە ، لە سێ رەنگ : سوور و سپی و سەوز و لە ناوەراستیشیا ، خۆرێکی _ زەرد _ بە بیست و یەك تیشکەوە ، دەدرەوشێتەوە . ( ئالأی خۆیبوون )

مامۆستا میرزا موحەممەد ئەمین مەنگوڕی ، کە یەکێك بووە لە تێکۆشەرە رووناکبیرو بەشدار بوەکانی کۆماری کوردستان ، لە کتێبی : ( بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە 1914 وە هەتا 1958 بەشی یەکەم و چاپی دوەم ـ سلێمانی ) دەرحەق بە ئالأی سەربەخۆی کوردستانی ئازادی مە هاباد دەفەرموێ :

(( لە گەڵ دامەزراندنی _ 1945 _ کوردستانی ئازاد ئالأیەك هەڵکرا ، لە سێ رەنگ بەرهەم هێنرا بوو... سوور ، سەوز ، سپی . وە لە ناوەراستی ئالأکە نیشانەی دوو گوڵە گەنم وە قەڵەمێکی _ پێوە بوو . بەو ئالأیە ئەوترا ، ئالأی ئازادی .- وە لەسەر دەستوری ئالأی ئێرانیەکان تەنیا رۆژانی جمعەو رۆژانی جەژن هەڵئەکرا وە دروشمی وها بەو ئالأیەوە نەبووکە شاهدی ئەوە بێ کە ئەو ئالأیە تمسیلی هەموو کوردستان ئەکا . دیسان سروشتی رەنگ و ئەندازەکەی بە قاعیدەیەکەوە بەند نەکرا بووکە مرۆڤ بتوانێ مانا بۆ دروشم و رەنگەکانی دروست بکات . ئاخۆ مەبەست لە سوورو سەوزو سپی چیە ؟ .دروشمەکانی بەنی امییە و خلفای راشدین و محمد چ پەیوەندیکی بە سەر دروشمی ئازادی کوردەوە هەیە ، کە لە وێنەی ئالأی ئەوانی ئەکرد .......... لەوە پتر هیچ یاساو قانونیك نەکەوتبوە ناوەوە کە بزانی ئەو ئالأیە چیە و وە لەسەر چ رووداوو (( کەتەلۆکیك )) ئەو رەنگانەی پێوە بەستراوە ... ))

هەژاری موکریانیش لە شیعریکدا ، باس لە سێ رەنگەکەو دوو گوڵە گەنمەکەو قەڵەمەکە دەکات و دەڵێ :

دوو گوڵــە گەنمی ئەڵێ ئاگاو لە رزقی خۆو هـــەبێ
خۆت کە برسی بۆچی دوژمن پێی بژین لێرەو لـــەوێ

**پێو دەڵی نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشــی و پێ ئەوێ**
**غەیری من دەست ناکەوێ بۆ روی تەرەقی وپێشڕەوێ**

ئەوەی لەو سیمینارەدا بەلای ئێمە مانانەوە غـەریب بـوو ، بـێ دەنگی و خـۆ گێـل کردنـی خەڵکەکـە بـوو لـە بەرامبـەر چەواشە کرنی مێژوو کە هیشتا کۆمارە جوانە مەرگەکە بە تەواوەتی کفنی زەرد نەبووە . بەڵام لە هـەمووان سـەیر تـر ئەوەبوو کە کەسانێکی شاهید حاڵی هەڵکردنی ئاڵاکە (17 ی کانوونی یەکەمی 1945 ) لـە ریـزی پێـشەوەی کۆڕەکـە دانیشتبون و لە هەمووان زیاتر بە بینینی ( ئاڵاکە !! ) شاگەشـکە بـوون . لـە سـەرووی هەمویانـەوە بـەرێز کـوڕی رەش خۆی ، کوڕی پێشەواو مامۆستای جوگرافیە ناس ، مامۆستا کەریم زەند و ......... !!!!!!!!!؟؟؟ .